نەمانگ بەسەر دەستگیرکردن و هەڕەشەکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تەدەپەڕێت

ئەمڕۆ 258 ڕۆژ بەسەر دەستگیرکردنی و هەڕەشەکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تەدەپەڕێت.

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەڵکی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبوو گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دهۆک ڕفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پاڕاستنی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی هەشت مانگە لەلایەن ئاسایشی دهۆک بە تەمەتی پێیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە، بەیاریشە ئەمڕۆ یەکشەممە دوای نزیکەی هەشت مانگ لەدەستگیرکردنی بۆ یەکەمجار دانیشتنی دادگاییکردنی بۆ دەکرێت لە دهۆک.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تەمەتبارکرد بە هەڕەشەکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتەمەتی ناڕەوا و بێبە هیچ بەڵگە و سەلامەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەپاڕ ئاسایشی دهۆک کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.